# نووسەری چاك ...
# هەوڵدانێك بۆ دەردانی گۆمی لیخن

**بەهزادحەوێزی**
b_hawezy@hotmail.com



کەمن ئەو نووسەرانەی بە پسپۆریی و لێزانییەوە کارەکانیان رادەپەڕێنن و دەسەڵاتیان بەسەر نووسینەکانیان دادەشکێ وبوار بۆ نوشوستی ولاوازی لە پرۆسەکەیان نادەن، لەدواییشدا نەبیرۆکەونووسین ونە ناوی خۆشیان لەکەدار دەکەن بەوەی بەلای کەمی هەرزانفرۆشانە ئێخەی نووسینیان گرتووەو بوون بە بارگرانی بەسەریەوە .

نووسەری چاك خاوەن تایبەتمەندی و باکگراوەندێکی رۆشنبیری وفەلسەفییە نەك هەرئەوەندە، بگرە خاوەن راو فەلسەفەی تایبەت بەخۆشیەتی، بەمەش لە نووسەری بێ لەززەت ونووسینی کرچوکاڵ جیادەبتەوە، هەرگیز ناچتە خانەی ئەو یا ئەم دەسەڵاتە یا ئەو کۆشکە یا ئەو دروشمە، ئەو هەمیشە نە کۆیلەیە ونە کۆیلەدار، نە کۆیلەی دەستی لەشکرێك مێروولەی وشەیە نە تیشکێ لە تریفەی داهێنان، بەلکە ئەو بڕوایە بە هەموو رایەڵەکانی نووسین بە هەموو ئەستوندەکانی داهێنان .

ململانەی نووسەر لەگەڵ نووسین وداهێناندا ئەوکاتە تەواو دەبێت کە دەسەڵات وجڵەوگریی نووسین بەدەست نووسەرەوە نەمینێت، بگرە لەوەش ئابڕووبەرتر ئەوەیە نووسەرەکاڵبۆوەکە هەستی پێنەکات وبێئاگابێت لەوەی هیچی پێنەماوە وئیتر تەواو، هەڵبەت پێشی شەرمە دانی پیابنێت لەبەرئەوە هەلدەزلێتە نێو کاوێژکاریی وجوینەوەیەك کەس بە فلسێکی قەڵپ لێی نەکرێت، بەڵام ئایا هەروا بەئاسانی نووسەر وازدێنێت وریگە بۆ هیدیکە خۆش دەکات، مسۆگەر نەخێر، چونکە نووسین لای ئێمە زێتر ناووشۆرەت وکاتکوشتن ومۆدەیەکی سوودمەندانەودڵخۆشکەرە، لەوەی پرۆسەیەکی مەعریفی، رەخنەیی، بونیادنەرانە بێت، هۆی سەرەکیشی پاوانکردن ودەستڕۆیشتووی وهەلقۆزتنەوەو قووت بوونەوەی نارەوایانەی هەلومەرج وبارەناسروشتی ونالۆجیکی ونا ماقووڵەکانە .

بانووسەر هەمیشە هەست بەوەنەکات ئەو دایم زاڵە وپادشای سەر پەڕەکاغەزەکانە، بەلکە زۆرجار هەیەخۆیشی نازانێت بۆ ئەوەی دەینووسێت کرچوکاڵ وبێمانایە، رەنگەنەبوونی زەوینەی رەخنەورەخنەگر هۆیەکی گرنگ بێت، بەڵام هەرەگرنگترین فاکتەر خودی دەسەڵاتی نووسەر خۆیەتی .

زاڵدەستی نووسەر رەنگدانەوەی بیروهزروهۆشیەتی، ئەمەش بەدەوری خۆی لە نووسین وکارەکانیدا رەنگ دەداتەوە، چەند ئەلقەیەکی یەك زنجیرن، لەکۆتاییشدا بێکۆتاییە !! یا شاکارنوێن یا گاڵتەجاڕیی .

پێویستە نووسەر لەبەرایدا یەکلای بکاتەوە داخوا ئەو هێمایەکی زەرووڕەتە یا رێککەوت بەمە روئیایەکی فەلسەفی تایبەت بە خۆی دەبێت، خاوەنی خودی خۆی وپڕۆژەکەی دەبێت، نەك وابەستەوپاشکۆ یا گوێگر، ئەو گەر درۆ لەگەڵ خۆی وقەڵەم ونووسین وخوێنەری نەکات چاك دەزانێت کە لەکام خانەدایە وچەندی پێیەوچییەوچۆنەوچی دەکات ؟؟ بەرەو هەورازولوتکەیە یاخود داکشان بەرەو زەلکاو، دەبێ نووسەر ئەوەندەی لە هەگبەدابێت هەمیشە بارگاوی بکەنەوە بە بڕشتایەتیوزرنگایەتی، ئەمەش لە شەووڕۆژێکدا نایەتەدی، بەلکە لە دەرەنجامی هەمیشە خۆ دەوڵەمەندکردن بە فەلسەفەی مەعریفی مرۆیی ولایەنە رۆشنفیکرییەکانی مرۆڤایەتی، واتە نووسەر پێویستە رۆشنبیر بێت .

خاڵێکی دیکە لاکردنەوەیە لە هەبوونی زانیاری وسەرچاوە، سەبارەت بە زانیاری ئەوە دەوەستێتە سەر داوودەزگاکان، هەیکەلی دامەزراوەییان، چۆنیەتی کارکردنیان، شێوەی داڕژتنی بەرنامەی کاریان ...تد، سەبارەت بەسەرچاوەش ئەوە کەم هەن خۆی لێبدەن، لەبەرئەوەی بە سەلیقەوتوانایەکی زانستی وئەکادیمی نانووسن وخەڵکێکی هەوادار یا خودان مومارەسەیەکی دیاری بوارەکەن، بۆیەش

ڕەنگە هەر بڕوایان بەو تەرزە شتانە نەبێت، هەیشە وەرگرێکی زیندییە لەڕووی بەکارخستنی سەرچاوەوئاماژەپێکردنیان، بەڵام گرنگە هەر لێوەرگرتن (گوێزەرەوە) نەبێت، بەلکە راوبۆچوون ورەخنەی نووسەریشی لەگەڵ دابێت ئەمەش پرەنسیپێکی سەرکەوتووی زانستییە، هەیشە بۆ( تلطيف جو) بێ ترس بەکاری دەخات .

دەسەڵاتی نووسەر خۆی لە زاڵبوون بەسەر رەگەزەکانی نووسین دەبینتەوە، بەرلەوەش خودی ئەو نووسەرە تا چەند لەو رەگەزانە گەیشتووەوهەزمی کردوون، بەدڵنیاییەوە گەلەك هەن هەر بەلایانیشیاندا رەت نەبوونە، جاجای لێتێگەیشتنیان، هەن لە زمان گەلەك کۆڵەوارن، لە گوزارشتکردندا کاڵفامن ولە رەوانییشدا دەبەنگن، هەن کاریگەری زمانی دیکەیان بەسەرەوەیە، هەن بەسەر قرچەقرچی پشتی زمانەوە جیرەی قەڵەمیان دێت، هەن بەسەر پشتی ئەسپی خەڵکی دیکەوە سوارچاکن، ئیدی ئەوانە جۆراوجۆرن، فرەرەنگ ودەنگن .

نووسەر هەمیشە دەبێت وریای بیرکولی وزەینکوێری داهاتووی خۆی بێت، هەردەم وریا بێت تخوبەکان لەبەر پێیدا وەك تەڵە نەتەقنەوە، وریای وابەستەگییەتی بێت، لەرەهاییەوە هەنگاو بنێت بەرەو بێکۆتایی، وەك چۆن لێی روون بێت دەمارەکانی بەدەنی نووسین هەمیشە پێویستیان بە خوێنی تازەو پاکە، ئاوهاش لێی مسۆگەر بێت، کە بەبێ ئەو خوێنە قەڵەم وخاوەنەکەیشی چك دەکەن .

نووسەر لە بۆشاییەوە نانووسێت، بیروهۆشی لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە خواردوویەتیەوەودەخواتەوە، جا ئەو سەرچاوانە سیاسی بن یا سایکۆلۆجی یا کۆمەڵایەتی یا ئەدەبیات بەگشتی، با نووسەریش بە پێچوپەنا کاربکات بەدەستی ئەنقەست یا نە، دەیان جۆر دەمامك بەسەروسیمای دابڕێت، ئەو ناسنامەیەی خۆی هەرگیز تاسەر پێ ناشاردرێتەوە، چونکە لە بناغەوەڕا هاندەرو پاڵنەری بیرۆکەوتەرحەشتەکانیەتی .

نووسەر ئەو کاتە هەست بە لاوازی و کرچوکاڵی بەرهەمەکانی دەکات کاتێك زێتر لای روون دەبێتەوە ئیدی تەواو هیچی پێنەماوەو دەست بۆ هەر لایەکی هونەرەکەی دەبات چی دەست ناکەوێت بەمە دووچاری نائومێدی دێت گەر بوێر بێت ئەوە بریاری خۆی دەدات وبە زۆر خۆی بەسەر پرسی نووسین ناسەپێنێ، بەڵام ئاسانیش نییە خۆبەختکارانە ئەو دانپیانانە کوشندەیە مۆر بکات بۆیە رێگەی دیکە دەگرتەبەر یا هەر هیچ نەبێت خولیاوکەڵکەڵەی کایەیەکی دیکەی خۆخەریك کردنی دەکەوێتە سەر، هەندێ جار ئەو لادانە بە گران لەسەری دەوەستێ تارادەی لەناوچوون .

لەو سونگەیەوە گرنگ وچارەنووسسازە نووسەر هەست بە کۆتایی خۆی بکات، واتە هەست بە نەمانی دەسەڵاتەکەی، چونکە بەمە چارەنووسێکی دیکە چاوەڕوانی دەکات، بەڵام ئەو لەدووڕیانێکی سەرسووڕهێنەر دایە لە ململانەیەکی ترسناك، ئەرێ نووسین شێتایەتی نییە ؟ ئەمەش رای هەندەکانە .

لەبەرئەوەی لای ئێمە بێدەسەڵاتترین دەسەڵات رۆژنامەگەرییە ئیدی ئەو پەتایە بۆ خواروخوارتروهەرەخوارتر گلۆربۆتەوەووردبۆتەوە دوور لەهەر پرەنسیپێك وبنەمایەکی ئەکادیمی وزانستی ومەبەستدارو رۆشنکەرانە (نووسەر!) هەیە بە لێشاو رەشدەکاتەوە، وەك کۆگەی کل وخمخانەی لاهەبێت، بوار نییە خۆی تێهەڵنەقورتێنی، وەرنەگێڕی، ئامادەنەکات، ... تد، نامیلکەی بەناوە، هەردەم میوانە رووەخۆشەکەی هەموانە!! باشە ئەمە چۆن دەبێت وریێ تێدەچێت، ئەمە دیاردەوگرفت وکێشەیەکی بەرچاووڕەگداکوتاوە، جۆرێکی دیکە لە هەوڵداندان، هەن یەکەمین هەنکاویانە، ئیدی ئەمانە هەرهەموویان هەریەکەو بە ئاستێك لەوریزبەندیەو لەبەردەم ئەو پێوەرانە دایە و لە ژێر تاقیکردنەوەی (شەرەف!!) دایە .

گۆشەنووسمان هەیە بەزۆرەملێ چوارمێچەکی لێی دانیشتووەو ئێخەی لاپەڕەکەی گرتووەو بەری نادات، هەیە نوکتەبازە یا هەقایەتگێرە یا خۆی پێ تیۆریزانە یا مێینیەیە یا ( خزمی خەزووری سەپانی شێخیە ) یا پەخشان نووسە یا گێرەرەوەیە یا نووسەرەوەیە ...تد .

دەبا بەس بێت وئەو مگێزبازاڕیە وەلابنێن، دەستڕۆیشتووانی نێو ئەو هەڵلایەش هەق وانییە چیدی بە ڕبەی تەقتەق بپێون و ویژدان ئاسوودەییش کەم نییە، گەرچی سووڕدەزانم ئەمەشیان وەکو ئەوانی دیکە هەر مەرەکەبی سەر کاغەزە !!.

هەولێر – 2007/5/24